تاراوگە
TARAWGA

# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە،
لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچیت،
ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.
سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

**15 Februari. 2019 No. [31]**
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**

تورکیا: دەستنیشانکردنی شوێنەوارێکی کوردستان وەک سیمبولی گەشتوگوزار بۆ ساڵی ٢٠١٩ بەکر شوانی.....ل 1

نەوتی کەرکوک: چەند ساڵێک بەختەوەری و دەیان ساڵ دەردەسەری – بەشی چوارەم – دکتۆر جەبار قادر.. ل 2 و 3

دوکتۆر هانەلۆرە کیوشلەر Dr. Hannelore Küchler دۆستێکی دڵسۆزی نەتەوەی کورد ، زانایەکی لێهاتووی بواری کۆمەڵناسیی و دەروونناسیی دابنرێت – ل 4 و 5

پەندی پێشینانی نەتەوەکان، پەندە نێونەتەوەییەکان، پەرتووکێکی بێ پێشەکی، وەکو لاشەیەکی بێ گیان وایە ....ل 6 بەختیار شەمەیی

هونەرمەندی شێوەکاری
کورد دڵشاد بەرزنجی....ل8



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت


15 Februari 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 31
15 فێبریوەری 2019

# توركیا:

# دەستنیشانكردنی شوێنەوارێكی كوردستان وەک سیمبولی گەشتوگوزار بۆ ساڵی ٢٠١٩

**بەكر شوانی**

شوێنەری گوێبەكلی تەپە، بە كوردی "گرێ ناڤۆكێ"، كە دەكەوێتە سنووری پارێزگای ئورفاوە، لەلایەن توركیاوە وەک سیمبولی گەشتوگوزاری ساڵی ٢٠١٩ ڕاگەیەندرا. گرێ ناڤۆكێ سەرزەمینی كۆنترین پەرستگەی مرۆڤە و بە بۆچوونی شارەزایانی مێژوو، دۆزینەوەی ٦ پەرستگە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لەو شوێنە كە مێژوویان بۆ ١١ هەزار و ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی كە ناوچەكانی دەوروبەر شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵكێكی زۆر بووە. ئەو شوێنەوارە لە دەوروبەری گوندی ئۆرەنجک لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای ئورفا هەڵكەوتووە و لە ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوودا وەک شوێنەوارێكی مێژوویی تۆمار كراوە، بەڵام ئەو كاتە هێشتا گرنگی و بایەخی مێژوویی نەدەزانرا. مۆزەخانەی نیشتمانیی ئورفا و پەیمانگەی شوێنەوارناسیی ئەڵمانی لە ساڵی 1995وە لە شوێنەواری گرێ ناڤۆكێ هەڵكۆڵین ئەنجام دەدەن و دەرئەنجامەكانی ئەو كارەیش پسپۆڕانی شوێنەوارناس و سەرجەم مرۆڤایەتی ناچار دەكەن چاو بە سەرجەم ئەو زانیاریانەدا بگێڕنەوە كە تا ئێستە سەبارەت بە مێژووی مرۆڤایەتی لەبەردەستدان. ئەو پەرستگەیە دەریدەخات كە مرۆڤی ئەمڕۆ و مرۆگەلی ئەو سەردەمە خاوەن هەمان شێوازی بیركردنەوە و ڕەفتار بوون. ئەنجامی هەڵكۆڵین و لێكۆڵینەوەكان لە شوێنەواری گرێ ناڤۆكێ ئەوە پێشان دەدەن كە مرۆڤ لە هەنگاونان لە كۆچبەرییەوە بەرەو نیشتەجێبوون، پێش بنیاتنانی شار، پەرستگای دروست كردووە. شوێنەوارناسان پێیان وایە پەرستگەكە پاش نزیكەی هەزار ساڵ لە بنیاتنانی، بووە یان كراوە بە ژێر گڵەوەوە و داپۆشراوە. یەكێک لە ئامانجی لێكۆڵینەوەكانیش كاركردنە بۆ دۆزینەوەی هۆكاری ئەو داپۆشینە. مرۆڤ لە شوێنەواری گرێ ناڤۆكێ سەری سووڕ دەمێنێت لە بینینی تاشەبەردی زەبەلاح كە نزیكەی 12–10 هەزار ساڵ لەمەوبەر بەمەبەستی پەرستن شێوەی ئاژەڵی كێوی و درەختیان لەسەر نەخێشندراوە. ئەو شوێنەوارە لە ڕووی شوێنەوارناسییەوە سەر بە چاخی بەردینی پێش سەردەمی سیرامیكە و بەشێوەیەكی بازنەیی لەسەر گردێک بنیات نراوە. بەپێی ئەنجامی گەڕان و لێكۆڵینەوەكان، ئەو شوێنە بەمەبەستی نیشتەجێبوون دروست نەكراوە. دیارترین و سەرنجڕاكێشترین ڕەهەندی پاشماوەی پەرستگەكانی گرێ ناڤۆكێ چەندین تاشەبەردی زەبەلاحە لە







شێوەی پیتی(T) ی لاتیندا و لەسەر بەردەكانیش وێنەی ئاژەڵی جۆراوجۆر كێشراوان. درێژی تاشەبەردەكان سێ تا شەش مەترە و كێشیان لە نێوان 40 – 60 تۆندایە. شارەزایانی پەیمانگەی شوێنەوارناسیی ئەڵمانیا پێیان وایە تاشەبەردەكان پەیكەری مرۆڤن و لەو بۆچوونەیانیشدا پشتیان بەستووە بە هەبوونی دەست و قۆڵ بە كەناری تاشەبەردەكانەوە. وەک شوێنەوارناسان بۆی دەچن، وێنەی سێ ڕەهەندی سەر تاشەبەردەكانیش شێوازی ژیان و باوەڕ و ترسەكانی مرۆگەلی ئەو سەردەمە دەخەنە ڕوو. لەم دواییەدا دەركەوتووە كە گرێ ناڤۆكێ بەتەنیا كۆنترین پەرستگە نییە، بگرە هەمان كات گەورەترین پەرستگەیە لە مێژووی كۆنی مرۆڤایەتیدا. وێنە و پەیكەری سەر تاشەبەردەكانیش بیرۆكەیەک سەبارەت بە هونەری مرۆگەلی ئەو سەردەمە بە مرۆڤی ئەمڕۆ دەبەخشن. تا ئێستا بەتەواوی نازانرێت نەخشەدانەران و بنیاتنەرانی پەرستگەكانی گرێ ناڤۆكێ كێ بوون. 12 هەزار ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ سەرقاڵی ڕاو و كۆكردنەوەی بەروبووم بووە و هێشتا ئاشنای چەمكەكانی نیشتەجێبوون و كشتوكاڵ نەبووە، بۆیە ئێستا پرسیاری گەورەیە ئەوەیە داخۆ لە سەردەمێكی لەو جۆرەدا كێ نەخشەی ئەو پەرستگە گەورانەی داڕشتووە و چۆن بنیات نراون؟ ئەو تاشەبەردە زەبەلاحانە لە كوێوە هێندراون و چۆن و بە چ شێوازێک بۆ سەر ئەو گردە بەرزە گوێزراونەتەوە؟ شوێنەوارناسان بەئومێدن لە ڕێی هەڵكۆڵینی زیاترەوە لە داهاتوودا وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانەیان دەست بكەوێت..

# نەوتی کەرکوک: چەند ساڵێك بەختەوەری و دەیان ساڵ دەردەسەری

## - بەشی چوارەم - دکتۆر جەبار قادر

دەرکردن و هەناردەکردنی نەوت پێویستی بە هێزی کار و کەرەسە و ئامێری تەکنیکی زۆر هەبوو، کە ئەمانەی دواییان لەو سەردەمەدا لە عیراق دەست نەدەکەوتن، بۆیە زیاتر پشت بە هێزی کاری هەزاران کرێکار بەسترا. کرێکارانی عیراقی ئەو کارانەیان دەکرد کە شارەزایی و بەهرەی تایبەتیان پێویست نەبوو. بۆ کارە هونەری و تەکنیکییەکان کۆمپانیای نەوت کارمەندێکی زۆری لە وڵاتانی ئەوروپا، ئەمریکا، هندستان، ئێران و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبییەوە دەهێنا. هەرچەندە کارکردن لە پرۆژەکانی کۆمپانیای نەوتدا سەخت بوون، بەڵام لە بارودۆخی هەژاری و بێ کاری دانیشتواندا دەرفەتێکی باش بوو بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان. ژمارەی کرێکاران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندا بوو. تا ساڵی ١٩٤٥ ژمارەیان دەگەیشتە ٤٦٤٤ کرێکار، دوو ساڵ دواتر واتا لە ساڵی ١٩٤٧ ژمارەکە بەرزبووەوە بۆ ١١٧٣٦ کرێکار. ئەو ژمارەیە بۆ شارێکی ڕۆژهەڵاتی ٧٥ هەزار کەسی ڕێژەیەکی باش بوو و داهاتێکی ئابوری باشی بۆ دانیشتوان دەستەبەر دەکرد. داهاتی کرێکاران جموجووڵی زۆری خستە بازاڕەوە. ڕۆڵی کۆمپانیای نەوت تا بڵێی گرنگ بوو لە ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی توانای پیشەیی و هونەری کرێکار و کارمەندەکانی. یەکێ لە بنەماکانی کاری کۆمپانیای نەوت ئەوە بوو کرێکار و کارمەندی ئەو وڵاتانەی نەوتیان تێدا دەدۆزرێتەوە ڕابهێنێ و ئامادەیان بکەن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان، نەک لە وڵاتانی دیکەوە کرێکاریان بۆ بێنن. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٥٦ "ناوەندی ڕاهێنانی پیشەسازی" لە عەرەفە کردەوە. سەنتەری ڕاهێنانی پیشەسازی دەیان خولی هونەری بۆ کرێکران لە بوارەکانی بیناسازی، کارەبایی، بۆڕیچێتی، لەحیم، فیتەری و دارتاش...تاد دەکردەوە. دەرچووە هەرە بەتواناکانی ئەم خولانەی دەنارده بریتانیا بۆ فێربوونی پیشە جیاوازەکان بە شیوەی زانستی و پراکتیکی. لە ساڵانی ١٩٤٨ – ١٩٦٠ نزیکەی ٦٠٠ کرێکار لەم سەنتەرە ڕاهێنانی هونەرییان بینی و بەرە بەرە جێگەی کارمەندە بیانییەکانیان لە کۆمپانیای نەوت دەگرتەوە. دواتریش کۆمپانیاکانی نەوتی مووسڵ و بەسرە کەڵکی زۆریان لێیان بینی. کۆمپانیاکە ژمارەیەکی باشی خوێندکاری عیراقیشی دەنارده بریتانیا بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە بوارەکانی ئەندازیاری و پیشەسازی نەوت و ئابوریدا. ساڵی ١٩٥٣ یەکەمین دەستەی خوێندکاران بەڕێ کران کە ژمارەیان ٣٨ قوتابی بوو. لەو ساڵەوە تا ساڵی ١٩٦٦ بە پێی ئەو پرۆگرامە ٥٠٠ قوتابی خوێندنیان لە زانکۆکانی بریتانیا تەواو کرد. کاتێکیش دەگەڕانەوە بۆ عیراق لە کۆمپانیای نەوت، وەزارەتی نەوت، کۆمپانیای نیشتمانی نەوت، پاڵاوگەی دۆرە و دەزگا حکومییەکانی دیکە، بە تایبەتی لە وەزارەتەکانی ئابوری و فێرکردن دەستیان بە کارکردن دەکرد و ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پێشکەوتنی عیراق. سیاسەتەتی کۆمپانیای نەوت ڕۆڵێکی باشی بینی لە چالاکی و گەشەکردنی پیشەسازی و فێربوونی پیشەکان لە سەر بنەمای زانستی و پراکتیکی. دەرچووانی خولەکانی سەنتەری ڕاهێنان لە تەک کارکردنیان لە کۆمپانیای نەوت لە ناو بازاڕدا دوکانیان بۆ خۆیان دەکردەوە و لە دوای دەوام کاریان تێدا دەکرد. لە ڕێگەوەی دوکانەکانیانەوە سەدان شاگرد و کرێکاریای دیکەیان فێری ئەو پیشانە دەکرد. ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەم پرۆژەو کارانە بەشداری کردنی چالاکانەی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی کەرکوک بوو لە بواری پیشەسازیدا لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی. لە کۆتایی چلەکان و دەسپێکی پەنجاکان هەست بە چالاکییەکی ئابوری بەرچاو دەکرا کە هەزارەها خەڵک بەشدارییان تێدا دەکرد. شار گەشەی دەکرد و گەورە دەبوو. دروستکردنی خانوو و بەرە بۆ کارمەندانی کۆمپانیا بووە هۆی خواستی زۆر لە سەر کەرەسەی بینا، کرێکار، وەستا، کارەباچی، بۆڕیچی..تاد. ماڵە تازەکانیش پێویستییان بە دروستکردنی ئامێری فێنک کەرەوە و مۆبیلیای ناو ماڵ و زۆر پێداویستی دیکە هەبوو. پیشەسازی چاپ و بڵاوکردنەوەش لایەنێکی دیکەی ژیانی تازەی کەرکوک بوو کە لە پەنجاکاندا هەنگاوی بەرچاوی دەنا. یەکەمین سەرژمێری پیشەسازی لە ساڵی ١٩٥٤، کە وەزارەتی ئابوری عیراق ئەنجامیدا، ئاماژەی بەوە کردووە کە ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییە گەورە و بچووکەکان لە کەرکوک گەیشتبووە ١٣٢٨. لەو دامەزراوانە ٣٥٢٧ کرێکار کاریان دەکرد. ئەو ژمارانە دامەزراوەکانی کۆمپانیای نەوتیان نەدەگرتەوە. کرێکاران و کارمەندانی کۆمپانیای نەوت پۆشاکی تایبەت بە خۆیان هەبوو، خواست لە سەر ئەمەش بووە هۆی گەشەکردنی پیشەسازی جڵ و بەرگ لە کەرکوک. هەروەها بۆ دابینکردنی خواستە زۆرەکانی کۆمپانیای نەوت بۆ خۆراک و پێداویستی تر پیشەسازی خۆراک، بەرهەمی کانزایی، کیمیاوی گەشەی باشیان بە خۆوە بینی. هەر کۆمپانیای نەوتیش بوو کۆگای ساردکرەوەی دروست کرد. پێداویستییەکانی کۆمپانیای نەوت کەرکوکی کرد، بە یەکەمین لە سەر ئاستی هەموو عیراق



لە بەکارهێنانی کارەبادا و بە دووەمین شار لە دوای بەغدا لە بەکاربردنی ئاوی پاکدا. لە زۆر بواردا کەرکوک بەغدای لێ دەرچێت لە گەڵ هیچ یەکێك لە شارەکانی دیکەی عیراقدا بەراورد نەدەکرا. کۆمپانیای نەوت بە مەبەست کاری نەکرد بۆ پێشخستنی پیشەسازی پیترۆکیمیاوی لە کەرکوک، هەرچەندە تا ساڵی ١٩٧٢ زیاتر لە ٧٠٪ نەوتی هەموو عیراق لە کەرکوک دەردەهێنرا. ئەو جۆرە کارگانەی لە حومس، بانیاس و لوبنان، دواتریش لە دۆرەی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٥، کە دوو سەد و پەنجا کیلۆمتر لە کەرکوکەوە دوور بوو، دروست دەکرد. ئەم هەنگاوانەش هەڵبەتە هەروا بەبێ هۆکاری سیاسی و ستراتیژی نەبوونە. کۆمپانیای نەوت پێویستی زۆری بە جێگا و ڕێگا بوو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی و نیشتەجێکردنی کارمەندەکانی. لە کەرکوکی ئەو سەردەمەش هیچ باڵەخانەیەک نەبوو دەستبدات بۆ ئەو مەبەستانە، بۆیە بیر لە دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی کەیوان و دواتریش سێ کۆمەڵگای نیشتەجێبوون کرایەوە. لە چلەکاندا کۆمپانیای نەوت کاری زۆری لەم بوارەدا ئەنجامدا و باڵەخانەی پێویستی لە کەیوان دروست کرد. تا ساڵی ١٩٥١ یش سێ کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی دروست کرد کە ژمارەی خانووەکانی ٥٠٢ خانوو بوون. پێموایە لەم خانووانە تەنها تاک و تەراکی بەر کورد کەوتوونە و زۆرتریان بە سەر کرێکار و کارمەندە کرستیانەکاندا دابەش کران. وردبوونەوە لە ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەکە تازەکانی کەرکوک لە نزیک کۆمپانیای نەوت لە سەرژمێری ١٩٥٧دا ئەو ڕاستییە بە زەقی دەردەخات . پێشتریش کۆمپانیای نەوت لە ساڵی ١٩٣٠ یەکەمین وێستەگەی کارەبای لە کەرکوک دروست کرد. لەوێوە کارەبای دەدا بە پرۆژەی ئاو لە سەر زێی بچووک. ساڵی ١٩٤٩یش وێستەگەیەکی نوێی گەورەتری کارەبای دروست کرد، کە لێوەی کارەبای دەداوە شاری کەرکوک. لە هەمان کاتدا کۆگا، خواردنگە، یاریگا و ناوەندی کولتوریشی دروست کرد. لە بواری تەندروستیشدا لە ساڵی ١٩٣٧ نەخۆشخانەی کەیوانی دروست کرد و دواتر لە کۆتایی چلەکان تازەی کردەوە و فراوانی کرد.

لە ساڵانی یەکەمی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتدا پشکی حکومەتی عێراق لە داهاتی نەوت زۆر کەم بوو، تەنها چوار شلنی ئاڵتونی بوو، بۆ هەر تەنێک نەوت، کە ئەو چوار شلنە دەیانکردە دە سێنتی ئەمریکی، لە کاتێکدا هەر بەرمیلێکی نەوت بە ٦٥ سێنت دەفرۆشرا. ئەم بارە تا ساڵی ١٩٥١ بەردەوام بوو، بەڵام لە ساڵی

بڕوانە ل 3

# تا ساڵی ١٩٤٥ نزیکەی ٩٤٪ هەموو نەوتی عێراق لە کەرکوك دەردەهێنرا.

## لە ساڵی خۆماڵی کردنی نەوتدا (١٩٧٣) ڕێژەی نەوتی کەرکوك هێشتا زیاتر لە ٧٠٪ هەموو بەرهەمی نەوتی عێراق بوو..

١٩٥٢ بە هۆی ڕێککەوتنی هەردوو لا لە سەر دابەشکردنی یەکسانی قازانجەکان لە نێوان حکومەت و کۆمپانیای نەوتدا داهاتی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەوە. لەم بارەوە ژمارەکان بۆ خۆیان دەدوێن، لە هەموو ساڵانی ١٩٣٤ – ١٩٤٥ حکومەتی عێراق تەنها ٢١،١٧ ملیۆن دیناری لە داهاتی نەوت دەسکەوت، بەڵام تەنها لە ساڵی ١٩٥٢ داهاتەکەی گەیشتە ٤٠،٧٤ ملیۆن دینار و لە ساڵی ١٩٥٨ گەیشتە ٧٩،٨٩ ملیۆن دینار. تا ساڵی ١٩٤٥ نزیکەی ٩٤٪ هەموو نەوتی عیراق لە کەرکوک دەردەهێنرا. لە ساڵی خۆماڵی کردنی نەوتدا (١٩٧٢) ڕێژەی نەوتی کەرکوک هێشتا زیاتر لە ٧٠٪ هەموو بەرهەمی نەوتی عێراق بوو. تا ئەو ساڵەش حکومەتی عیراق بە سەر یەکەوە زیاتر لە دوو ملیار دینار، واتا زیاتر لە شەش ملیار و نیو دۆلاری لە داهاتی نەوت دەسکەوت، ئەم ژمارەیە بۆ ئەو سەردەمانە پارەیەکی یەگجار زۆر بوو. لە گەڵ بەرزبوونەوەی داهاتی عیراق لە سامانی نەوت، داهاتی تاکیش بەرز بووەوە، لە ٣٠ دینارەوە ساڵی ١٩٥٠ بۆ ٥٥ دینار لە ساڵی ١٩٥٦ و ١٠٠ دینار لە ساڵی ١٩٦٩. توانای دارایی بەشێک لە دانیشتوانی کەرکوک زیادی کرد و ئەمەش بووە هۆی گەشەکردنی چالاکی ئابوری و بازرگانی لە ناو شاردا. خواستەکانی ڕۆژانەی کۆمپانیا بۆ خۆراک و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان گەشەکردنی کشتوکاڵی لێکەوتەوە. چالاکی ئابوریی شار لە زۆری ژمارەی دوکان و کۆگاکاندا خۆی دەنوان، کە ژمارەیان لە لیوای کەرکوک گەیشتە ٢٦٨٤ دوکان و ٣٢٣٥ کەس کاریان تێیاندا دەکرد. ئەو کۆگانەش کە بە جوملە شتیان دەفرۆشت ژمارەیان گەیشتە ٣٢ کۆگا. لە ساڵی ١٩٥٦ دا سێ بانک لقیان لە کەرکوک کردەوە. ژووری بازرگانیش لە ساڵی ١٩٥٧ لە شارەکە کرایەوە.

خۆشگوزەرانی خەڵک لە ژمارەی ئۆتۆمبیلەکاندا ڕەنگی دەدایە کە لە ١٣٢٨ەوە ساڵی ١٩٤٩ گەیشتە ٧٤٩٣ ئۆتۆمبیل لە ساڵی ١٩٧١. دیاردەی پاسکیل(بایسکڵ) و پاسکیلسواری لە کەرکوک یەکێک لەو دیاردانەیە کە کارمەندانی کۆمپانیای نەوت هێنایانە کەرکوکەوە، ساڵی ١٩٥٠ ژمارەیان ١٩٣٧ پاسکیل بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٧١ ئەو ژمارەیە گەیشتە ٩٣٠٨ پاسکیل. بەسەر یەکەوە ژمارەی ئەو خانووانەی کۆمپانیای نەوت دروستی کردن گەیشتە ٢١٤٢ خانوو. ئەمەش ژمارەیەکی یەگجار زۆر بوو بۆ ئەو سەردەمەی کەرکوک و چەندین گەڕەکی نوێی پێکدەهێنا. کۆمپانیای نەوت گەلێ خزمەتگوزاری پێشکەش بە کارمەندان و کەس و کاریان دەکرد، لەوانە نەخۆشخانەی کەیوان کە لە ساڵی ١٩٣٧ کرایەوە و ئەو کاتە تەنها ٤٤ قەرەوێڵەی تێدا بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٣ ژمارەیان گەیشتە ١٢٥ قەرەوێڵە. تازەترین ئامێر و پێداویستییە پزیشکییەکانی بۆ دابین کرابوو و بە یەکێک لە باشترین نەخۆشخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرا. لە ساڵی ١٩٦٧ ژمارەی قەرەوێڵەکانی گەیشتە ١٤٠. لە تەک ئەمەدا سێ بنکەی تەندروستی لە عەرەفە کرانەوە. بنکەیەکیش لە ناوچەی پیشەسازی کە پیداویستی بەهاناچوونەوەی بەپەلەی بۆ دابین کرابوو. ئەو نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییانە داتای وردیان لە مەڕ ژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانیانیان کردووە و ئەو نەشتەرگەرییانەی بۆیان ئەنجام دراون تۆمار کردووە. شایانی باسە ساڵی ١٩٤٧ تەنها ١٠ نەخۆشخانە لە هەموو عیراقدا هەبوون، حەوتیان لە بەغدا بوون و ئەو سیانەکەی دیکەیان لە کەرکوک و مووسڵ و بەسرە بوون، لیواکانی دیکەی عیراق هیچ نەخۆشخانەیەکیان تێدا نەبوو. کۆمپانیای نەوت گرنگی بە سەلامەتی کرێکاران دەدا لە کاتی کارکردندا و ناوەندی تایبەتی لە ساڵی ١٩٤٦ بۆ ئەو مەبەستە و ڕێگە گرتن لە ڕووداوی سەر کار کردبووەوە. لە ساڵی ١٩٤٦ ژەمی خۆراکی هەرزانی (٣٠ فلس) بۆ کرێکاران لەو خوادنگەیەی کە ٥٠٠ کەسی دەگرت دابین کردبوو. لە گەڵ هەموو ئەو کار و چالاکییانەدا یانەی کارمەندان، هۆڵی وەرزش، کتێبخانە، هۆڵی بۆنەکان، یاریگا و مەلەوانگەی و یانەی کرێکارانی دامەزراند بوو. پرۆژەیەکیشی بۆ پاشکەوت بۆ کارمەندان دامەزراند و بەو پارەیەی کۆیان دەکردەوە زۆریان توانیان خانوو بۆ خۆیان و خێزانەکانیان بکڕن. هەندێکیشیان بەو پاشکەوتە منداڵەکانیان نارد بۆ خوێندن بۆ دەرەوەی وڵات. کارێکی دیکەی کۆمپانیا هاندانی بزووتنەوی ڕۆشنبیری بوو لە ڕێگەی نامیلکە، گۆڤار و بڵاوکراوەی ترەوە کە باسی ئاوەدانکردنەوەیان لە کەرکوک دەکرد. ئەم کارانە ڕۆڵی گەورەیان بینی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە شارەکە. هەندێکیشیان بەو پاشکەوتە منداڵەکانیان نارد بۆ خوێندن بۆ دەرەوەی وڵات. کارێکی دیکەی

کۆمپانیا هاندانی بزووتنەوی ڕۆشنبیری بوو، لە ڕێگەی نامیلکە، گۆڤار و بڵاوکراوەی ترەوە کە باسی ئاوەدانکردنەوەیان لە کەرکوک دەکرد. ئەم کارانە ڕۆڵی گەورەیان بینی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە شارەکە. گۆڤاری "خەڵکی نەوت – أهل النفط" لە ساڵی ١٩٥٢/١٩٥١ نزیکەی ٧٥٠٠ دانەی لێ دەردەچوو و پەنجا هەزار کەس دەیانخوێندەوە. لە دوای سێ ساڵ تیراژەکەی گەیشتە ١٨ هەزار دانە، لە ساڵی ١٩٥٥/١٩٥٤ یش گەیشتە ٣١ هەزار دانە و ساڵی دواتر ١٩٥٧/١٩٥٦ تیراژەکەی گەیشتە ٤٥ هەزار دانە. پێموایە تا ئێستاش نە لە کوردستان و نە لە عیراق هیچ بڵاوکراوەیەک بەو تیراژە لە چاپ نادرێت. ژمارەیەکی زۆری ئەو گۆڤارە لە کەرکوک دابەش دەکرا. لە حەوتەمین ساڵی دەرچوونیدا ژمارەی لاپەڕەکانی لە ٤٢ بوو بە ٧٢ لاپەڕە. ساڵی ١٩٥٣ هۆڵێکی سینەماش لە بابای ڕۆژئاوا کرایەوە و فیلم و شانۆگەری تێدا پێشکەش دەکرا و تیپی هونەری بەرهەمەکانی خۆیانیان تێدا نمایش دەکرد. بۆ بزاڤی وەرزشیش لە ساڵی ١٩٤٧ یاریگای وەرزشی کە چوار گۆڕەپانی تۆپی پێ، دووی سەبەتە، دوو بۆ تێنس و گۆڕەپانێکی گشتیش بۆ کێبڕکێ ساڵانە دروست کران. یاریگاکە هەر بە یاریگای کۆمپانیا یا(شەریکە) ناسراوە. کۆمپانیا پاسی تایبەتی تەرخان کردبوو بۆ گواستنەوەی کرێکاران لەماڵەوە بۆ سەر کار و بە پێچەوانەوە. کورد بەشدارییەکی کەمی لە کار و چالاکییەکانی کۆمپانیای نەوتدا هەبوو. ژمارەی کرێکار و کارمەندانی کوردیش لەو دامەزراوەیە لە چاو ژمارەیان لە کەرکوک زۆر کەم بوون. ئەوانەشی کە کاریان تێدا دەکرد لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە وەبەر شاڵاوی دەرکردن و و دوورخستنەوە کەوتن. ئەمەش وایکردووە زۆر جار کورد بڵێت نەوتی کەرکوک هیچ خێر و بێرێکی بۆ کورد نەبووە. هەڵبەتە دزین و تاڵانکردنی نەوتی کەرکوک لە پازدە ساڵی ڕابردوودا لە سەر دەستی مافیای کوردی هیچ پەیوەندی بە قازانجی کوردەوە نیە. بەڵام ڕاستییەکی مێژوویی هەیە دەبێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە لەو گەشەکردنە ئابورییەی کەرکوکدا لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو شارە بە خۆیەوە بینی کوردیش پریشکێکی بەر کەوت. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە بە هۆی ئەو گەشەکردنەوە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی دێهاتەکانی کەرکوک باریان کرد بۆ شار و لە هەڵکشانی نائاسایی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوکدا ڕێژەیەکی باشیان پێکدەهێنا و چالاکانە بەشدارییان لە ژیانی ئابوریدا دەکرد. ئەمە پوختەیەکی کورتی دەسکەوتەکانی کەرکوک بوو لە کۆمپانیای نەوتی عیراق لەو سەردەمەدا، کە ئیمپریالیزمی بریتانی دەستی بە سەر سامانی نەوتدا گرتبوو. بەشێک لە خزمەتگوزارییەکان، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کرێکارانەوە هەبوو، بەرهەمی خەباتی کرێکارانی کۆمپانیای نەت بوون بە تایبەتی لە کاتی مانگرتنی گاورباخیدا. لە دوا بەشی ئەم زنجیرەدا باسێکی کورتی بەرهەمەکانی دەسەڵاتی "نیشتمانی!!!" بە سەر ئەم سامانەدا دەکەم و ئەوە دەخەمە ڕوو چۆنی بە کارهێنا و چی کارەساتێکی بەسەر خەڵکی عیراقدا بە گشتی و کورد و کوردی کەرکوکدا بە تایبەتی هێنا.

# Dr. Hannelore Küchler دوکتۆر هانەلۆرە کیوشلەر

## دۆستێکی دڵسۆزی نەتەوەی کورد ، زانایەکی لێهاتووی بواری کۆمەڵناسیی و دەروونناسیی

عەبدوڵڵا چوارتایی

نزیکەی ٥٠ ساڵ هاوڕێ و هاوبیر و هاوکار و هاوژین ی مامۆستا جەمال نەبەز و خاوەنی دوو لە باشترین ئەو کتێبانەیە، کە لە ٥٠ ساڵی ڕابوردوودا لەسەر کورد بە زمانی ئەڵمانیی نوسراوون.

یەکەمیان: کارنامەی دوکتۆراکەیەتی لە ساڵی ١٩٧٨ دا لە ژێر سەردێری :

Das Selbstverständnis der Kurden als Prozess der „öffentlichen Meinung"
Eine theoretisch – methodologische Betrachtung und eine exemplarische Untersuchung.

لەخۆتێگەیشتنی کورد وەک " پرۆسەیەکی ڕای گشتیی "

سەرنجێکی ڕێبازیی و تیۆریی و لێکۆڵینەوەیەکی نمونەیی

کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی کۆمەڵناسییە، لە تێگەیشتن و گوزارشتکردنی کورد لە خۆی و ناسنامەکەی لە کاتێکدا کە گەلێکی بێ دەوڵەت و وڵاتداگیرکراوە . بۆ ئەو مەبەستە نوسەر پەنای بۆ هەموو بوارەکانی مێژوو و کولتوور و سیاسەت و زمان ...هتد بردووە و شیکاریی بۆ ئەو بوارانە و گوتاری سیاسیی قۆناخەکانی خەباتی ڕزگارییخوازیی کوردستان لە هەموو بەشەکاندا کردووە، بەپێی ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە و ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستدا بوون. ئەم بابەتە هێند سەرچاوەیەکی زانستیی گرنگە ، کە زۆربەی هەر زۆری ئەوانەی بە زمانی ئەڵمانی دوکتۆرا ، یان بابەتێکی زانستیی لەبارەی کورد و کوردستانەوە بنوسن ئاماژەی پێدەکەن . هاوکات خودی مامۆستا جەمال نەبەزیش لە زۆر لە نوسینەکانییدا وەک سەرچاوە ئاماژەی پێدەکات. شایانی باسە خاتو هانەلۆرە بڕوانامەی دوکتۆرای لەسەر ئەم کارە بە پلەی (summa cum laude / سوما کوم لاودە = نایاب ) پێبەخشراوە . سوما کوم لاودە بەرزترین پلە و نرخاندنە بۆ کارنامەی دۆکتۆرا لە ئەڵمانیا ، جاران لە کوردستان و عێراق بەو پلە بەرزە دەوترا ( دەرەجەی شەرەف ).

دووەمیان :

Kurdistan Ein Land in Geiselhaft Das Schicksal eines geschundenen Volks.

### کوردستان وڵاتێکی بە بارمتەگیراو ـ چارەنوسی گەلێکی تاوان لێکراو

خاتو هانەلۆرە ئەم کتێبەی ساڵی ٢٠١١ خستە بەردەست خوێنەران، کە پانۆرامەیەکی زیندووی خەباتی ڕزگارییخوازیی هەموو بەشەکانی کوردستانە، بە درێژایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی ٢١ تا ساڵی ٢٠١١، هەموو ڕووداوەکانی دروستبوونی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و کاردانەوەی کورد، دژی داگیرکاریی و دابەشکاریی دەخاتە بەر تویژینەوە. ئەو پێی وایە کوردستان، بە شێوەیەک لە نێوان چوار دەوڵەتی عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا گەمارۆدراوە و بە دیل و بارمتە گیراوە..! ئەگەر پشتگیریی دەوڵەتانی دیکەی نەبێ زەحمەتە ڕزگاری ببێت و ، ئەیچوێنێت بە دۆخی کۆسۆڤا یان مۆنتینێگرۆ؛






بەرگی کتێبەکانی

کە ئەگەر یارمەتیی دەوڵەتانی دیکە، نەبوایە نەیاندەتوانیی ببنە دەوڵەت و ڕزگاریان ببێت لە سربییا !. هەروەها لەو بڕوایەدایە کە گۆڕینی سیستێمی حکومڕانی لەو وڵاتانە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بۆ دۆخی کورد و کوردستان نایهێنێتە گۆڕی، وەک گۆڕانی ڕژێمی شا بۆ کۆماری ئیسلامی، یان دوای شەڕی کەنداو ڕوخانی ڕژێمی بەعسیش مەترسیی لەسەر چارەنوسی گەلی کورد هەڵنەگرت، هاوکات زۆر بە وردیی شیکاریی بۆ کاریگەریی سیاسەت و بەرژەوەندیی و نێودەوڵەتیش لەسەر کوردستان و کێشەی کورد کردووە. شایانی گوتنە کە ئێستا بۆخۆی سەرگەرمی وەرگێرانی ئەم کتێبەیە بۆ زمانی ئینگلیزیی، کە پێدەچێت لە کۆتایی ئەمساڵدا یان سەرەتای ساڵی داهاتوو بکەوێتە بەردەست خوێنەر. هەروەها خاتو هانەلۆرە کیوشلەر ساڵانە چەندین کۆڕ و سیمیناری و کردوە و ریپۆرتاج و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەڤانیشی نوسیوە و ئەنجام داوە لەسەر " پرسی ڕۆژ " ی کێشەی کورد و دۆخی کوردستان قسەی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئەڵمانیا کردووە. بروانە ل 5

# خاتو هانەلۆرە کیوشلەر زانستکارێکی مرۆڤدۆست، لەسەرخۆ و سەربەخۆیە، پشتگیریی لە مافی ڕەوای نەتەوەی کورد دەکات.

# کارەکانی لەسەر ئەرک و ڕەنجی شانی خۆی کردووە، هیچ کات چاوەڕوانی پاداشت و دەستخۆشی نەبووە.

خاتو هانەلۆرە کیوشلەر زانستکارێکی مرۆڤدۆست و هێمن و لەسەرخۆ و سەربەخۆیە، بێپەروا لەو ململانێیەی کە لە نێوان داگیرکەرانی کوردستان، یان لە ناو خۆدی هێزەکوردییەکانیشدا هەیە، کێشە سەرەکییەکە بە کێشەی داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و بندەستکردن و تا هەوڵدان بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد دەبینێت و پشتگیریی لە مافی ڕەوای نەتەوەی کورد دەکات. کارەکانی لەسەر ئەرک و ڕەنجی شانی خۆی کردووە و ، هیچ کات چاوەڕوانی پاداشت و دەستخۆشکەریی نەبووە و بێدەنگ هێند کاری زانستیی چاکی لەسەر کێشە ی کورد ئەنجام داوە کە شایانی هەموو ڕێزلێنان و سوپاس و پێزانینێکە. خاتو هانەلۆرە کیوشلەر نزیکەی ٥٠ ساڵە هاوڕێ و هاوبیر و هاوکار و هاوژینی مامۆستا جەمال نەبەزە و هەمیشە یەکەم خوێنەری هەموو نوسراوە ئەڵمانییەکانی بووە، لە ڕێگای مامۆستا جەمال نەبەزەوە ڕۆژانە ئاگاداری دۆخی ناو کوردستان و پرسەگرنگەکانی ڕۆژ بووە لەوێ. لە کۆتایی ئەم کتێبەی دووەمدا سەبارەت بە مامۆستا جەمال نەبەز دەنوسێت: بەدەر لەوەی کە ناتوانیت خۆت لەو خەمبارییە لادەیت کە لە نوسینی بابەتێکی وادا دێتە ڕێی مرۆڤ ، لە کۆتاییدا و لە ئاوڕدانەوەیەکدا بەرەو دواوە دەبێژم : لە هەموو دۆخێکدا تاقیکارییەکی دەوڵەمەندبوو ، کە تێیدا بۆم ڕوونبووەوە چەند من سوپاسگوزاری ڕۆژهەڵاتناس و کوردۆلۆژ جەمال نەبەزم. ئەگەر ئەوم نەناسیبایە و کارەکانیم نەخوێندبایەتەوە نەمدەتوانی ئەم کتێبە بنوسم. مامۆستا جەمال نەبەزیش سەبارەت بە خاتو هانەلۆرە کیوشلەر هەمیشە دەیگوت، هەنە (مەبەست لە خاتو هانەلۆرە کیوشلەر)، هەر کارێک بکات زۆر بە چاکیی دەیکات و شانازیی دەکرد، بە کتێب و نوسیینەکانی هانەلۆرەوە و سەرچاوە بوون بۆ زۆرێک لە نوسینەکانی. مامۆستا جەمال نەبەز دەیگوت کارەکانمان تەواوکەری یەکترن و جار هەبوو، دەیگوت هەنە پارێزەرێکە، کە هەمیشە داکۆکیی لە کورد و کوردستان دەکات. لێرەدا کورتەیەک لە ژیانی ئەو ژنە زانستکارە بەڕێزە:

• لە ئەڵمانیا لەدایکبووە و گەورە بووە .

• لە ئەڵمانیا و کەنەدا دەستی بەخوێندنی زانکۆ لە بواری ئەنگلیستیک (زمان و کلتووری ئینگلیزیی) و کۆمەڵناسیی و دەروونناسیی کۆمەڵگەدا کردووە ، لە کەنەدا لەو بوارەدا پلەی بەکالۆریۆس و لە ئەڵمانیا ـ بەرلین پلەی دیپلۆمی باڵای بەدەستهێناوە .

• لە ساڵی ١٩٧٨ دا بڕوانامەی دوکتۆرای لە بوارەکانی فەلسەفە و پەخشوچاپەمەنی بە پلەی (summa cum laude / سوما کوم لاودە = نایاب) بەدەست هێناوە.

• دوای ئەوە وەک ڕۆژنامەڤانی ئازاد لە زۆرێک لە کەناڵە جوربەجۆرەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ئەڵمانی ( ARD) وەک ئەندامی دەستەی نوسەرانی بواری زانستیی کاری کردووە و گەشتی ڕۆژنامەڤانی بۆ یەکێتی سۆڤێت ئەنجامداوە و ڕیپۆرتاج و هەواڵی گۆڕانکارییەکانی بواری زانستیی لەوێ لەسەردەمی پیرۆسترۆیکادا بۆ کەناڵەکانی سەر بە ئەی ئاڕ دی ناردووە. هەروەها لە بواری ڕاگەیاندن و هەواڵی ڕۆژنامەگەریی دەربارەی گۆڕانکاریی و یەکخستنەوەی بوارەکانی زانستی لە هەردوو دەوڵەتەکەی ئەڵمانیا لە کاتی یەکگرتنەوەیاندا



عەبدوڵڵا چوارتایی

کاریکردووە. هاوکات دەربارەی پرسی کات لەسەر ڕووداوەکان سەبارەت بەکورد و کوردستان کاری کردووە.

• هەر لە کاتی خوێندکارییەوە تا ئێستایش شانبەشانی پیشەکەی کاریی مامۆستای زمانی ئینگلیزیشی کردووە کە قورسایی خستۆتە سەر زمانی ئینگلیزیی بۆ کۆمپانیاکان. هەروەها بەردەوام مامۆستا بووە لە خوێندنگەی باڵای گەل (خوێندنگەی باڵای گەل Volkshochschule خوێندنگەیەکی گشتییە، کە مرۆڤ لە هەر تەمەنێکدا دەتوانێ لەوێ کۆرس لە هەر بوارێکدا کە بیەوێت وەربگرێت (بە پارە)، وەک زۆربەی هەر زۆری زمانەکان، هونەر، کۆمپیوتەر، میوزیک....هتد، یان ئەوکەسانەی نەیاتوانیبێت بڕاونامەی خوێندنی قۆناغی ناوەندیی، یان ئامادەیی لە قوتابخانە ئاساییەکاندا بەدەستبهێنن، دەتوانن لەوێ بەدەستی بهێنن)، هەروەها ڕێبەری چەندین گەشتی خوێنکارانی زمانی ئینگلیزیی بۆ وڵاتی بەریتانیا کردووە.

• خاتو هانەلۆرە جگە لە کتێبەکانی خاوەنی چەندین سیمینار و ڕیپۆرتاج و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەڤانیشە لەسەر کێشەی کورد.

• لە دەروونناسیدا لە بواری (ترانسئەکتسیۆنسئەنالیوزە ـ بوارێکی دەروونناسییە، کە مرۆڤ تێیدا هەردەم شیکاریی بۆ بەسەرهاتی ژیانی ڕۆژانەی دەکات و جەخت لەسەر لایەنە ئەرێنییەکانی دەکاتەوە و کار بۆ گۆڕانکاریی بەرەو باشتربوون دەکات تێیدا ـ = Transactional Analysis) خوێندوویەتی و شارەزا و وانەبێژە.

• دەتوانن کورتەیەک لە ژیاننامەی خاتو هانەلۆرە کیوشلەر لە ماڵپەڕەکەی خۆیدا، لە ئینتەرنێت بە زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزیی بەم ناونیشانە ببینن:

http://www.hkberlin.de/index.htm

# پەندی پێشینانی نەتەوەکان. پەندە نێونەتەوەییەکان پەرتووکێکی بێ پێشەکی. وەکو لاشەیەکی بێ گیان وایە. پەندێکی پێشینانی نەتەوەی جوولەکەیە...!




**وەرگێرانی لە هۆڵەندییەوە:بەختیار شەمەیی**

بەشی یەکەم

لێرەدا هەوڵ دەدەم زۆر بەکورتی، چەند وشەیەک لەسەر پەند و پەندی پێشینان، پێشکەشی خوێنەری بەڕێز بکەم. با لەوەوە دەستپێبکەین، کە زۆرجار ئەوە بەرگوێمان دەکەوێت و دەڵێن: فلان کەس بوو بە پەند، یان کردمان بە پەند. ئەمە مانای چییە؟ ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە پەند بریتییە لە وانە و ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتی. واتە کردمان بەپەند، وانەیەکمان دادا و شتێکمان لەو بەپەندکردنە، بۆ ژیان و کاروکردەوەی داهاتووی فێرکرد. لەمەوە تێدەگەین، کە پەند و پەندی پێشینان، ڕاستەوخۆ لە ئەزموونی ژیانی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی گرتووە. لە سەردەمانی کۆندا، ئەم پەند و وانانە دەماودەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گواستراونەتەوە. پەندی پێشینان، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ لەئەزموونی ژیانی هەموو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگاوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، بۆ هەموو کێشە و ئاڵۆزییەکانی ژیان، بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، پەندێکی تایبەتی هەیە. بۆ هەموو هەلومەرج و بارودۆخەکانیش پەند هەن. بۆ نموونە، پەند لەسەر هەژاری، زەنگینی، لاوازی، بەهێزی، هێمنی، تووڕەیی، تەنانەت لەسەر سروشت و ژیانی پەلەوەران و هەموو جۆرە ئاژەڵەکان و بوونەوەرەکان پەندی تایبەتی هەیە. پەند لەسەر دەریاکان، ڕووبارەکان، شاخەکان، ئاسمان، دۆڵەکان و هەوراز و نشێوەکان هەیە. بەکورتییەکەی، پەند و پەندی پێشینان هەموو ژیان و ژینگە، واتە مرۆڤ و دەورووبەری گرتووەتەوە. گرنگیی پەند لەوەدایە، کە ڕاستەوخۆ لەنێو ژیانەوە، لەئەزموونەکانی ژیانەوە پەیدا بووە. هەربۆیە پەند بەشێوەیەکی گشتی زۆر بەکورتی و بەزمانێکی زۆر سادەو ساکار و ڕاستەوخۆ و ڕوون و ئاشکرا بەیان کراون. پەند بەدەربڕین سادەو ساکارە، بەڵام بە مانا و ناوەڕۆک، چڕوپڕ و بەمانا و واتەدارە. پەندەکان دەچنە خانەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەوە. واتە شێوازێکی فەلسەفییانەی بەرین و پڕمانایان هەیە. هەروەک گوترا، پەندەکان چونکە لە ئەزموونی ژیانی کۆمەڵگاوە سەرچاوەیان گرتووە، هاوشێوەیی و لێکچوونێکی زۆر لەنێوان پەندی پێشینانی هەموو نەتەوەکاندا هەیە، بەڵام هەر نەتەوە و کۆمەڵگایەک بەشێواز و دەربڕینی تایبەتییانەی خۆیان، لەتەک زمان و شێوازی تایبەتیی ژیانی خۆیاندا، گونجادوویانە.







ئەم پەندانە کە بریتیین، لە چەند هەزار پەندێکی جۆربەجۆری نەتەوەکان، کۆکەرەوە و نوسەرێکی بەڕێزی هۆڵەندییە. لەماوەی زۆرتر لە بیست ساڵدا بە کۆشش و هەوڵ و گەڕان و ماندووبوونێکی زۆر، کۆیکردوونەتەوە و بەشێوەیەکی ڕێکوپێکی ئەلفوبێیی هەموویانی ڕێکخستوە و لەدووتوێی بەرگێکی گەورەدا، چاو و دڵی خوێنەرانی پێ ڕۆشنکردوونەتەوە. نوسەر و کۆکەرەوەی ئەم پەندانە ناوی (خێرد دە لێی)ە ساڵی ١٩٤٤ لە هۆڵەندە لەدایک بووە و ساڵی ١٩٩٦ ئەم پەرتووکەی بەچاپ گەیاندووە. شایانی باسە نوسەر لەبواری پەند کۆکردنەوەدا، لە هۆڵەندە و بەلجیکادا ناوبانگێکی زۆری هەیە و خاوەنی چەندین پەرتووکە. ئەم پەرتووکەیان بریتییەلە ٥٧٩ لاپەڕە.

هەر کەسێک جارێک پەرتووکێکی پەندی پێشینانی ڕەوان کردبێت، ئیتر بۆ ئاوخاوتن، پێویستی بە خۆماندوو کردن نییە....(چینی).

هەر مرۆڤێکی ژیر کە ئاشنا بێت لەگەڵ پەندی پێشینانداا، خۆی لەگەڵ هەموو سەختییەکاندا دەگونجێنێت...(یۆروبا).

هەر کەسێک کەڵک لە پەندی پێشینان وەربگرێت، هەرچی بوێت بەدەستی دەهێنێت. (زیمبابۆی).

پەندی پێشینان، ئاخاوتنێکی کورتەلەسەر بنچینەی ئەزموونێکی دوورودرێژ. (میگوێل سێرڤانتس).

نابێت سەرزەنشتی خوا بکەین کە پڵنگی دروست کردوە، بەڵکو دەبێت سوپاسگوزاری بین کە باڵی نەداوەتێ.

پەندێکی پێشینان بۆ کاتی ئاخاوتن، وەک خوێ وایە بۆناو خواردن. (ئەسیۆپیایی)..

پەندی پێشینان، گەوهەری زمانە.....( فارسی).

سەد پەندی پێشینان، واتە سەد ڕاستی. (ئیسپانی).

پەندی پێشینان، بیروباوەڕی میللەتێک دەردەبڕێت....(سویدی).

ماوێتی

## شەشی فێبریوەری

# "ڕۆژی نیشتیمانیی گەلی سام" تاریق هێدی




سامەکان گەلێکن کە لە وڵاتانی نەرویج، سوید، فینلاند و ڕووسیا دەژین. سامەکان شوێنی نیشتەجێبوونی دیاریکراو، زمان، کولتور و مێژووی تایبەت بە خۆیان هەیە. ژمارەی سامەکان لە دونیادا لە نێوان ٦٠٠٠٠ (شەست هەزار) تا ٧٠٠٠٠ (حەفتا هەزار) کەسێک دەبێت. لەو ژمارەیە نزیکەی ١٧٠٠٠یان لە سوید، نزیکەی ٧٥٠٠ یان لە فینلاند و نزیکەی ٢٠٠٠یان لە ڕووسیا دەژین. ڕێژەی زۆرینەی سامەکان لە وڵاتی نەرویج دەژین کە ژمارەیان دەگاتە ٤٠٠٠٠. زۆرێک لەوانە لە باکووری سالتفییەل (Saltfjell) یان لە شارە گەورەکانی وەک ئۆسلۆ دەژین. لەو لینکەی خوارەوەدا وانەیەکی فێرکاریی دەربارەی گەلی سام دەخوێنیتەوە، کە بە زمانی کوردی و نەرویجی لە ماڵپەڕی زمانی دایکدا ئامادەمان کردووە.

http://morsmal.no/ckb/samfunnsfag-sorani/samfunnsfag-5-7-trinn


## مرۆڤ و شرۆڤەی دیاردەکان بە چاویلکەیەکی تاک شووشەوە!

### تاریق هێدی



تۆ کە یەک پێودانگت هەبێت بۆ ڕوانینە سەرجەم دیاردەکانی ژیان و ژیار، چۆن باسی "زانین و ڕۆشنبیری" دەکەیت؟! تۆ کە کە وەک سیکۆتین بە موقەدەسێکەوە نووساویت، ئیدی چۆن داوا لەوانی دیکە دەکەیت فێرە "دەستبەرداربوون" بن؟! تۆ کە بوویتە کۆیلەی تاکە بیریار و تاکە تیۆرییەک ئیدی چۆن باسی "ئازادی" دەکەیت؟! تۆ کە گیرۆدەی تاکە ڕەنگێک و تاکە دەنگێکی. تۆ کە غەرق بوویت لە تۆپەڵێک وشەی سەدانبار بووەوە، ئیتر بە چ پێودانگێک داوای "نوێخوازی" دەکەیت؟! تۆ کە بە چاویلکەی تاکە ئایدۆلۆژیایەک و تاکە دونیابینییەکەوە شرۆڤەی تەنانەت ژەمە نان و چا خواردنەوەیەکیش بکەیت، ئیتر چۆن باسی "خۆبوون" دەکەیت؟! تۆ دیلی ناو خولگەی بازنەیەکی داخراویت و هیچی دی...هەوڵدە لەو بازنەیە دەرچیت تا ئازاد بیت. خۆتبە، پێوە بگەڕێ و هەر دیاردەیەکی ژیان و ژیار بە کەرەستەی مەعریفیی خۆی شرۆڤە بکەیت.

تۆ کە خۆت ڕزگار کرد لە ڕاڤەکردنی هەر دیاردەیەک بە تاکە یەک دونیابینی، ئەو کات دەتوانیت لانی کەم باسی چەمکەکانی وەک "دۆگمابوون" بکەیت! زۆری دی...





# کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

## لە ئەرشیفی هونەرمەند خالید ڕەسوڵەوە

وێنەی ژنێکی خانەدانی کورد، ئامینە خانی خوشکی حەمە تاڵی بانە، کە لە ساڵی پەنجاکاندا لەبەر زەبر و زەنگ و زۆرداری ڕژێمی ئەوسای ئێران لە کوردستان و شاری بانە دەستی هەردوو کوڕەکەی ئەگرێت و دەیان هێنێت بۆ سلێمانی ئەوانیش ڕەوانشاد کاک عبدوڵا و کاک حەبیبی وێنەگری ناوداری سلێمانین ، ئەوسا لەگەڕەکی سابونکەران ژیان دەست پێ ئەکەنەوە لەکۆڵانەکەی خوار حەمامی شەعب لە نهۆمی سەرەوەی ماڵی سەعیدە فەندی ، ژێر ئەم ماڵە کەوتبووە سەر شەقامی سابونکەران و ڕیزێک دوکانی چایخانەکۆنەکەی حەمە ڕەق بوو دوکانێکی تریشیان هی حاجی حەمە حەوایی بوو بەوبەریشیانەوە دوکانی هونەرمەندی گەورەی میللی کورد سمە بولبول بوو ، هەر لەو کۆڵانە ماڵی کەسە ناودارەکانی شاری لێبوو وەک ماڵی بەڕێزان شەوکەتی دانساز ، نوری شاوەیس مێردی ناهیدەی شێخ سەلام ، حەمە قرگەیی ، حسەینی حاجی وەلی ، ماڵی باوکی هونەرمەندی شانۆکاری ناسراو مامۆستا ئازاد جەلال . لەسەر وێنەکە مێژووەکەی تۆمارکراوە بیست و دووی سێی ساڵی هەزار و نۆسەد و پەنجاو هەشت واتە ئێوارەی نەورۆز کە ئاگر ئەکرێتەوە کاک حەبیب ئەم وێنەیەی بۆ دایکی گرتووە بەو سیما کوردیە جوانەوە بە سەر و بەست و کەوا و کۆڵوانەی کوردیەوە لە سەربانی ماڵەکیان .. حەز ئەکەم ئەوەش بڵێم کە حەمەتاڵی بانە چەتە و ڕێگر نەبووە ئەو گروپانە لە ڕژێمە بۆگەنەکانی ئەوسایاخی بوون ئەوانیش ئەو پڕوپاگەندانەیان بۆ کردوون تا خەڵک نەچنە پاڵیان و نەبێتە.شۆڕش ئەو دێڕە شیعرە فۆلکلۆریەش کەهەیە ئەڵێ ... سەر حەدانت لێ دەگرم وەک حەمە تاڵی بانە نەک سەرەڕێ....واتە سەر حدود و سنورت لێ دەگرم وەک حەمە تاڵ، بەداخەوە گۆرانییێژە بێ ئاگاکانی خۆمان تێکیان داوە.

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



### دڵشاد بەرزنجی

لەساڵی ١٩٦٤ لە سلێمانی لەگەڕەکی مەڵکەندی لە دایک بووە، ساڵی ١٩٨٤ بەشی هونەری ڕاگەیاندنی لە بەغداد تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٤ەوە ئەندامی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان و ئەندامی یەکێتیی نوسەران بووە، لە ساڵی ١٩٨٧ەوە بەشداری لە زۆربەی پێشانگاکانی عێراق و کوردستان کردووە، تاکو ساڵی ١٩٩٤ هاوکات لەساڵی ١٩٨٧ەوە، زۆربەی نوسینە ئەدەبی و هونەری و شیعریەکانی، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان و عێراق بڵاو کراوکردۆتەوە، لەساڵی ١٩٩٩ ەوە ئەندامی BBK ەیە لە ئەڵمانیا، کە سەندیکای (یەکگرتەی هونەری شێوەکاران)ی ئەڵمانیایە. لەساڵی ١٩٩٥ەوە چەندین پێشانگای تایبەتی و هاوبەشی لەگەڵ سەندیکای هونەری شێوەکارانی ئەڵمانیا کردۆتەوە، لە دەرەوە و ناوەوەی ئەڵمانیا. لە ساڵی ١٩٩٥ ەوە لە خوێندنگە و مۆزەخانە و سەنتەری لاوان و ماڵی هونەر، وەک پێداگۆگی هونەری کاری کردووە. دووبارە ساڵی ٢٠١٦ بڕوانەمەی دبلۆمی لە بواری سیستەمی خویندنی ئەڵمانیدا وەرگرتووە. کارە هونەریەکانی سەرەتا، لە سروشتەوە دەستی پێکردووە، بە بۆیەی ئاوی و ڕۆنی و پاستیل و قەڵەمی ڕەنگ و ئەگریل، کاری کردووە، ئێستاش لە نێوان ڕیالیست و سوریالیزم و ئەبستکراتدا، بە شێوازی( اسلوب) ڕێجکەیەکی زۆر جیاواز و تایبەتمەندانە کاردەکات. بەڵام تا ئێستاش لە جیهانبینی و جەوهەری ڕۆحیەت و بووندا، پابەندە بە سروشتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/dilschad.barsenji/photos_albums


تــاراوگــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807









